www.iqra.ahlamontada.com
منتدى إقرأ الثقافي

هداية المستفيد

لەیاساکانی تەجوید

و: مەلا ئادەمی قەسرێ

چاپی یەکەم
٢٠٠٩
هەولێر

منتدى إقرأ الثقافي

ناسنامەی کتێب

ناوی پەرتوک : هداية المستفيد – لە یاساکانی تەجوید
بابەت : ئایینی
نووسینی : محمد المحمود
وەرگێڕانی : مەلا ئاوەمی قەسری
پێداچوونەوەی : محمدئانیس مهران
تایپ : وەرگێڕ
نەخشەسازی : نووسینگەی هیوا
چاپی : یەکەم ٢٠٠٩
شوێنی بڵاوکردنەوە : (کتێبخانەی حاجی قادری کۆیی)

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان ژمارەی سپاردنی ( )ی ساڵی(٢٠٠٩)ی پێدراوە.

بڵاوکراوەی کتێبخانەی
حاجی قادری کۆیی
بۆ فرۆشتن و چاپکردن و بڵاوکردنەوە
هەولێر – کوردستان – عیراق
(٠٦٦ ٢٢ ٣٣ ٨٦٨) - ☎ ٠٧٥٠ ١١٨ ١٩ ١٩ / - ٠٧٥٠ ٤٦٧ ١٣ ٩٤ /)

مافی چاپ پارێزراوە

هداية المستفيد
لەیاساکانی تەجوید

نووسینی :

مامۆستا محمد المحمود

ناودار بە : أبو ريمه.

مامۆستای فێرگەی - الهذبية - لە شاری —حماه- ی سوریا

خودا لەخۆی و باب و دایکی خۆشبێت امین

پێداچوونەوەی : محمدأنيس مهران.

وەرگێڕانی : مەلا ئادەمی قەسرێ - بانەك.

٢٠٠٩

پێشکەشە بە:

*قورئـان خوێنـانی راسـت و رەسـەن و دڵسـۆز لەگـەڵ خـوداو فەرموودە پیرۆزەکەی.

*بەو کەسانەی شەوو ڕۆژ دەخەنە سەریەک هەر لە پێناوی بـەجێ هێنان وگەیاندنی فەرموودەی خودا، بۆ ڕازی کردنی خـودا، ئەگـەر بە تەنها ئایەتێکیش بێت.

*بەوقورئان خوێنـە رەسـەنانەی هـیچ کـات بازرگانیـان بـەقورئان نەکردووەو ناشیکەن.

*بەوکەسـانەی هەمیـشە بـەدوای زانـستی جـوان خوێندنـەوەو تێگەیشتن لە ماناو مەبەستی قورئاندا وێڵن.

*بەدایک وباوک وکچی رەحمەتیم.

*بـەو کەسـەی هـانی دام و داوای وەرگێڕانـی ئەونامیلکەیـەی لێ کردم.

سوپاس و ڕێز:

سوپاسێکی زۆری بەڕێزان (م–عثمان ناصروەڵزی و م –ئومێد خدر وەڵزی و –ئەندازیار کاك- حیدرحاجی بووڕانی) دەکەم، هاوکاریان کردم لەسەر نووسینەوەوڕێکخستنی ئەونامیلکە، خوای باڵادەست پاداشتی چاکەیان بداتەوە، امین.

پێشەکی

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿وَرَتِّلِ الْقُرْآنَ تَرْتِيلاً﴾

سوپاس‌و ستایش بۆ ئەو خودایەی ئێمەی تایبەت کردووە بەفێرکردنی قورئانی گەورەو پیرۆز، درووددو سڵاوی خوا بڕژێ بۆ سەر گیانی پاکی ئەو کەسەی قورئان فێربوو لەلایەن خوای زانـاو دانـاو کاربـەجێو یـاران‌و شـوێن کـەوتوانی، هەمیـشە قورئانیـان بـەرێکی و بەوشـێوەی لـە خـواوە گەیـشتە پێغەمبەر(ﷺ) دەخوێندەوە هەتا ڕۆژی دوایی. بەندەی زەبـوون وبێ تواناو کەمتەرخەم، ئـەو کەسـەی هەمیشە لـەدەریای تـاوان هەڵدێنجێت، -محمد المحمودالنجار-أبوريمـه-دەڵێت: کاتێ دەستم کردبـە کـاری پـەروەردەو پێگەیانـدنی منـدالان، فێرکـردن وشارەزاکردنیان لە قورئـانی پـیرۆز، لەهەمووشی گرنگتر باش

خوێندنەوەی پیتەکان و جوانکاری وشەکان و زانینی یاساکانی نووسی زەنەدارو تەنوین ومیمی زەنەدارو گشت بەشەکانیان وناسینی -مدّ- درێژکردنەوەکان و وەستانەکان و بەشەکانیان ودەرچەی پیتەکان وسیفاتەکانیان. جا لەبەرئەوەی کتێبەکانی زانستی -تجوید-سەخت بوون بەتایبەت بۆمندالآن، چونکە ئارەزووی خوێندنی ئەوزانستەیان کەمترە، بۆیە بیرم کردەوە لە کتێب باشەکانی پێشەواو زانایانی پێشین وشوێن کەوتوانیان نامیلکەیەکی پوخت ومانا بەخش رێك بخەم لەزانستی-تجوید- (هونەری جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز)، لەسەر رێبازی- حفص-بەشێوەیەکی ئاسان بتوانن بەئاسانی تێی بگەن ولەبەریشی بکەن، بەشێوازی پرسیارو وەلآم، ئەوەش دوای ئەوەی کتێبێکم نووسی لەبارەی زانستی - رەوشت جوانی وپەروەردەی منداڵان کتێبێکی لەبارەی هەردوو زانستی-التوحید والفقە-کەفێربوونیان -فرض العین-ە ولەسەر هەموو موسوڵمانێکی تێگەیشتوو وپێگەیشتوو پێویست کراوە فێریان

ببێت، ئەوکارەش هاوکات بۆ لەگەڵ سەرقاڵ بوونم بە پەروەردەوپێگەیاندنی منداڵان، دوای دەست کێشانەوەم لەوانەوتنەوەی قوتابخانەی سەرەتایی وکردنەوەی قوتابخانەیەکی تایبەت، ئەوەبوو ئەونامیلکەیەم کۆکردەوە، لەچەند کتێبێکی پێشەوایانی بڕوا پێکراوم وەرگرتووەوهەڵم بژاردووەو بەوشێوەیەش رێکم خستووە: پێشەکییەك و پازدە باس وکۆتاییەکیش. لەخودای گەورەدەپارێمەوە کۆتایی تەمەنمان بەباشی بێت، ناویشم نا(هداية المستفيد فى أحكام التجويد)،بۆفێرخوازانی فێرگەی- التهذيب- هیوادارم خوای گەورە رەنجم بەفیڕۆنەدات وسوودبەخش بێت بۆ هەمووئەو قوتابیانەی جوان قسەدەکەن وجوان فەرموودەی خوای سۆزدار دەخوێننەوە،هەرئەویش توانادارە بەسەرهەموشتێك وشایانی وەرگرتنی هەرشتێکە شایانی وەرگرتن بێت، تکاشم لەخوێنەرە بەڕێزەکان ئەوەیە، جار بەجار لەدوعای چاك بێ بەشم نەکەن، ئەگەر هەڵەیەکیشیان بینی بەچاکە وەڵامی خەراپەم

بدەنەوە، چونکە مرۆڤ کەم وایە لەهەڵەو لەبیرچوون پاك بێت، ئەوەی بیانووش بێنێتەوە لای خەڵکی رێزداربیانووی وەردەگیرێت، لەخوای سۆزداریش دەخوازم لێم وەرگرێت وبیکاتە هۆکارێك بۆگەیشتن بە بەهەشتی پڕلەنازو خۆشی، سوودبەخشی بکات بۆهەموان، بۆهەرکەسێك بەدڵێکی ساغ وەری بگرێت و سوودبەخش بێت بۆخۆشم لە ڕۆژێکدا کەماڵ وسا مان ومندالّ سوودبەکەس ناگەێنن، مەگەرکەسێك بەدڵێکی ساغ وبێ خەوش گەڕابێتەوە لای خودا،خوداش بەسمانە و چاکترین پشتیوانمانە لادان لەتاوان و ئەنجامدانی چاکانیش بەکەس ناکرێت بە بێ پشتیوانی خوای بەرزوبالّادەست.

وصلی الله علی سیدنا محمدوعلی اله وصحبه وسلم.

پێشەكى:

پ/١ : تەجويد مانای چييە ؟

و : زانستێكە بەهۆيەوە دەتواندرێت هەموو مافى پيتەكان بدرێت، لەصيفات ومدو....هتد .

پ/٢ سوودى تەجويد چييە؟

و: گەيشتنە بەوپەڕى زمان پاكى و دوورکەوتنەوە لەهەڵە كردن لە قورئان خوێندندا بەوشێوە ڕەوان و ڕەسەنەى كە لە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتووە.

پ/٣: ياساوبڕيارى خودا لەسەرئەو زانستە چييە، فەرزە يان نا؟

و: بوونى زانستە كە لەناوكۆمەڵگاى موسوڵمان نشيندا فەرزى –كفايە–يە،بە لاّم كارپێ كردنى لەسەر هەر قورئان خوێنێك فەرزى –عين–ە و بۆى نييە بەبێ ئەوزانستە قورئان بخوێنێت، ئەگينا گوناح بارە.

باسی اعوذبالله و بسم الله .

پ/٤ئەگەرقورئان خوێن (اعوذ باللّٰه وبسم الله) وسەرەتای سورەت پێکەوە بڵێت، بە چەندشێوە دەبێت؟

و : چوارشێوازی هەیە.

١/پچراندیان لەیەکتروبەجیاجیا گوتنیان.

٢/لێکدانی بسم الله و سەرەتای سورەت .

٣/ لکاندنی (اعوذ بالله به بسم الله).

٤/لێکدانی هەموان بەبێ پچراندیان لەیەکتر .

پ/٥ ئەگەرقورئان خوێن (بسم الله) لەنێوان دووسورەتدا بخوێنێ چەندشێوە ی هەیە؟

و/ سێ شێوەی دروست و یەک شێوەی نادروستی هەیە.

١/شێوەدروستەکان :

١/وەستان لەسە رکۆتایی سورەتی یەکەم و وەستان لەسەر (بسم الله) ئینجادەست کردن بەسورەتی دووەم و لێک

پچڕاندنیان.

٢/ وەستان لەسەر سوڕەتی یەکەم و لکاندنی بسم الله بە سوڕەتی دووەم .

٣/ لێکدانی هەموان .

ب/نادروست: بریتی یە لە لکاندنی کۆتایی سوڕەتی یەکەم بە (بسم الله) و وەستان لەسەر (بسم الله). ئەوەش بۆیە دروست نی یە تاگومان نەبرێت (بسم الله) لەکۆتایی سورەتەکە دایە!.

یاساکانی نوونی زەنەدار:

پ/٦ : نوونی زەنەدارو تەنوین چەندیاسایان هەن؟

و/:چواریاسا/١الاظهار/٢الادغام/٣الاقلاب/٤الاخفاء.

پ/٧:الاظهار چییە؟

و:دەربڕینی هەرپیتە لەڕێگای خۆی بەبێ مینگە.

پ/٨:پیتەکانی –الاظهار–چەندن وکامانەن؟

و: شەش پیتن كه ئه مانەن- أ+هـ-ع +ح -غ +خ-هەموویان له سەرەتای پیتەكانی ئەو رستەدا كۆدەبنەوە: -اخي ، هاك ، علما، حازه ، غير ، خاسر- .

پ/٩: نموونەكانیان چۆنن؟

و:١/ نونی زەنەدارلەگەڵ- ا -لەدوو وشەدا -من امن-لەیەك وشەشدا-ینئون- تنوين-یش وەك:-معتداثيم-.

٢/ لەگەڵ-ھ-یشداوەك:-إن هو- ئەوەلەدوو وشەدا لەیەك وشەشدا وەك:-ینهون-تنوين-یش وەك:جرفٍ هار .

٣/ -ن +ع- لەدوو وشەدا وەك:-من علم-لەیەك وشەشدا وەك:- ينعق -تنوين-یش وەك:- سميعٌ عليم-

٤/ -ن +ح- لەدوو وشەدا وەك:-من حسنة-لەیەك وشەشدا وەك:- ينحتون - -تنوين-یش وەك: -عليمٌ حكيم-

٥/ -ن +غ- لەدوو وشەداوەك-من غل-لەیەك وشەشدا وەك:-فسينغضون-تنوين-یش وەك: -عزيزغفور . / ن +خ- لەدوو وشەدا وەك:-من خير-لەیەك وشەشدا وەك:-

والمُنخنقه–تنوين–يش وەك–قومٌ خصمون.

پ/١٠ الادغام چييە؟

و/:گەیشتنی پیتێکی زەنەدارە بەپیتێکی بزوێن دار، یەکەمیان لەناوهی دووەمدا تێکەڵکێش بکرێت و ببنە یەك پیتی توند وگەزرا و–مشدَّد– زمان بەیەکجار بەرەو ڕەوە ببات.

پ/١١ پیتە کانی تێکەڵکێشکردنی نووونی زەنەدارچەندن وکامانەن؟

و: ئەوشەش پیتانەن وشەی –یرملون–کۆیان دەکاتەوە.

پ/١٢ئەوپیتانە دەبنە چەندبەش؟

و: دەبنە دووبەش:

١ / بە مینگە (ناتەواو). چوار پیتە–ي، ن، م، و (ينمو)

٢/ بێ مینگە (تەواو) ئەویش لەگەڵ دووپیتی–ل،ر–لر– دەبێت.

پ-١٣: نموونەی هەردووتێکەڵکێش بەجیاوبە ڕێکی چۆنن؟

و: ا–نموونەی تێکەڵکێشی بەمینگە لەگەڵ –ی–وەك:ان یقولوا دەبێتە–إیَّقولوا–تنوین –یش وەك:–لقوم یؤمنون.دەبێتە –لقومیُؤمنون –ن +م –یش وەك: –من ملجأ–دەبێتە –مملجا –تنوین–یش وەك:–هدی من ربهم.دەبێتە–هُدمِّن رَبِّهم– –ن +–و یش :وەك–من ورائهم. دەبێتە–موَّرائهم–تنوین–یش وەك:–هدی ورحمة.دەبێتە– هدّورحمە –ن+ن–یش وەك: –إن نقول–دەبێتە–إنَّقول – تنوین–یش وەك:–حطةٌ نغفر.دەبێتە–حطتُنَّغفر– ب:نموونەی بێ مینگەش –ن +ل– وەك:–یبین لنا–دەبێتە– یُبیِّلنا– تنوین–یش وەك:–هدی للمتقین–دەبێتە– هدلِّلمتقین– ن + ر– وەك:–من ربهم.دەبێتە–مرَّبِّهم–. – تنوین–یش وەك:–غفوررحیم–دەبێتە–غفورُرَّحیم بە گرتن وگە زینی –ر–ی دووەم –.

پ:١٤/إلاقلاب چییە؟

و/:واتا:هەڵگەڕاندنە وە، یان دانانی پیتێك لەجێی پیتێکی تر،لێرەدا مەبەست دانانی پیتی –م–ە لەجێی پیتی–ن–ی زەنەدارلەگەڵ رەچاوکردنی–مینگە–دا.

پ:١٥/ پیتی -إلاقلاب-چەندن؟

و/:تەنها پیتی –ب–دەگوڕدرێت ودەبێتە–م–.

پ:١٦/نموونەی گوڕینی نوونی زەنەدار بە–م–کاتێ پیتی - ب–ی بەدواداهاتبێت چۆنە؟

و: لەدوو وشەدا وەك:–من بعد– دەبێتە(ممبعد)لەیەك وشەشدا وەك:– ئُنبت–دەبێتە(یُمبت)بەمینگە، تنوین–یش وەك:–سمیع بصیر– دەبێتە (سمیعُمبصیر)بەمینگە.

پ:١٧/إلاخفاء- چییە؟

و:/واتا :شاردنەوە،مە بەست لێرەدا ئە وەیە: دەربڕینی دەنگی پیتێکی زەنەدارو نەجوڵاو وڕووت لە –شدَّە–گرتن یاگەزین–سیفەتێکە لەنێوان–إظهارو–إدغام–لەگەڵ

مانـەوەی –غُنَّـة–مینگـه– لـەپیتی یەکەمـدا، کـەنوونی زەنەداره.

پ:۱۸/ پیتەکانی -إلاخفاء-چەندن وکامانەن؟

و: ۱۵پیتن، بریتین لە پیتی سەرەتای هەر وشە یەك لـە وشـە کـانی ئـە وهۆنراوەیـە دا: –صـف ، ذا، ثنـا، کـم، جـاد، شخص، قد، سما، دم، طیبا، زد، فی، تقی، ضع، ظالما–

پ:۱۹/ نموونەکانیان بێنەوە؟

و:نموونـە ی –ن +ص– لـەدوو وشـەدا وەك: (عـن صـلاتهم) لەیـــەك وشەشـــدا وەك : (أنـــصُرنا) تنـــوین–یـــش وەك:(قوماًصـالحین) ئـیتر پیتـەکانی تـریش هەربەوشـێوە نموونەیان بۆبێنەوە.

باسی -م-ی زەنەدار ونەجۆلاو :

پ:۲۰/میم ی زەنەدارچەند حالەتی هەیە؟

و: سێ حالەت کە ئەمانەن:۱/إدغام .۲/إخفاء.۳/إظهار. ۱/لەگەڵ -م- ی بزوێن داروجۆلاوتێکەڵکێش دەکرێ بەمینگە یەکی تەواو، پێشی دەگوترێ: إدغام المُتماثلين- واتا: تێکەڵ کێش کردنی پیتە لێك چووەکان. نموونە وەك:(لهم مثلا) (ولكم مافی الارض) (ولكم ماكسبتم)بەوشێوە دەخوێندرێنەوە:- لهُمَّثلاً،ولكمَّافی الارض، ولكُمَّاكسبتم ئەگەرپیتی-ب-یشی بەدواداهات ئەوا نوونەکە دەشاردرێتەوە بەمینگەوە، وەك: (ترميهم بحجارة) (وهم بالاخرة)پێشی دەگوترێ: - اخفاء شفوی- واتا:شاردنەوەی نێوان لێوەکان. لەگەڵ باقی پیتەکانی تریش بەتەواوی ئاشکرا دەکرێ ودەردەبڕدرێت، بەڵام لەگەڵ پیتی -و-ف-زۆرتر ئاشکراکردنەکەی دەردەکەوێ،

پێشی دەگوترێت:إظهار شفوی-بۆ نموونە :(وهم فيها)و(عليهمْ ولاالضالين).

باسی میم ونونی -مشدد-گیراو.

پ:٢١/میم و نونی گیرا و چەند یاسایان هەن؟

و: بەئاشکراوبەمینگەیەکی نەگۆڕو بەردەوام دەردەبڕدرێن، بۆ نموونە: (من الجِنَّةِ والنَّاس)و(ثُمَّ)و(لمَّا).

باسی لام ی-ال -ی-مُعرِّفە:

پ:/٢٢ -ل-ی-ال-ی-مُعرِّفە-چەندحاڵەتی هەن؟

و:دووحاڵەت.١/قمری و٢/شمسی.

پ:٢٣/لامی -قمری-کامەیە؟

و:ئەولامەیە کەبەدوای یەکێك لەوپیتانەداهاتبێت کەبریتین لە: (إبغ حجك وخف عقيمه) دەکاتە ١٤پیت.بۆ نموونە: (الانعام-البر-الغمام -الحميم-الجنة-الكوثر -الولدان-

الخير –الفتنة–العافين–القمر–اليوم–المال–الهدى) پێشی دەگوترێ لامی –قمری–چونکە وەکو لامی –القمر–بەبێ– تکلف–خۆماندوو کردن دەنگەکەی بەزەنەداری دەردەبڕدرێت.

پ:٢٤/ لام ی–شمسی–کامەیە؟

و:ئەو لامەیە کەیەکێك لەو– ١٤–پیتانە ی بەدوادا هاتبێت کە لەسەرەتای وشەکانی ئەو هۆنراوەیەداکۆدەبنەوە: (طب،ثم،صل،رحما،تفز،ضف،ذا،نعم***دع، سوء ، ظن، زر، شريفا، للكرم. نموونەکانیش ئەمانەن:–الطَّامَّة– الصَّاخَّه–وەهەروەها.

پ:٢٥/نیشانەی لامی –قمری ولامی –شمسی–چییە؟

و:نیشانەی لامی –قمری– ٠ –زەنە یەوەك(القمر) ونیشانەی لامی –شمس–یش –شدَّه–یە لەسەر پیتی دوای لام وەك : (الشَّمس).

باسی لامی-فعل-

پ:٢٦/لامی- فعل- چۆن دەخوێندرێتەوە؟

و:واجبە بەئاشکراو بەتەواوی دەربېردرێت، هەر –فعل–یّك –ماضی –رابردوو–یان –امر– فەرمان–بێت، ئەولامە لە–فعل–ی ڕابردوودا لە ناوەڕاست وکۆتایی دێت، وەك: – جعلنا–قلنا– –ضللنا–إلتقی،بەلّام لە –فعل–ی –امر– فەرماندا–تەنها لەکۆتایی –فعل–ە کەدا دێت، وەك:–قُل نعم.

-باسی لام ی (الله) -جل جلاله -بەدووشێواز دەخوێندرێتەوە:

ا/ئەگەرپیتی پێش خۆی– سەر –یان –بۆر–ی هەبوو یان زەنەداربوو وپێش خۆیشی –بۆر–ی هەبوو لەهەرسێ جار بەقەڵەوی دەخوێندرێتەوە،نموونە

١–وەك: (قال الله) .

٢/وەك:(ولمّاقام عبدُالله).

٣/ وەك: (قالوا اللهم).

ب:ئەگەرپیتی پێش خۆی ژێری هەبووبان زەنەداربوو وپێش خۆشی ژێرداربووئەوە لەهەردوو باردا بە باریکی ولاوازی دەخوێندرێتەوە، نموونەی ١/وەك: (باالله)و(قل اللهم). ٢/وەك: (وینجِّی اللهُ) نموونەی --تنوین-- یش وەك: (قومااالله).

باسی -إدغام- تێکەڵکێشەکان بەدرێژی:

پ:٢٧/إدغام مانای چییە؟

و:بریتی یە لەتێکەڵکردن ی دووپیت ویەکێکیان بچێتە ناوئەوی تریان، بەمەرجێك یەکەمیان -ساکن-زەنەداربێت و دووەمیشیان جولاوو بزوێندار بێت.

پ:٢٨/إدغام-چەندبەشی هەیە؟

و:سێ بەش، ١/المتماثلین-واتا:دووپیتی لێك چوو.

٢ /المتقاربين، واتا:لێك نزيك.

٣/المتجانسين،واتا:هاوڕەگەزەکان.

پ ٢٩/ تێکەڵکێشی لێکچووەکان چۆنە؟

و:واتا: تێکەڵکێشکردنی پیتێك لەگەڵ پیتێکی وەك خۆی، لەرێگای دەر چوون و سیفەتدا بەمەرجێك پیتی یەکەم – ساکن–وەستاوو نەجولاوبێ و دووەمیش–متحرك–جولاوبێ ، وەك:پیتی –ب +ب–د+د–و..هتد.

پ٣٠/حوکمی ئەوتێکەڵکێشە چییە؟

و:ئەوتێکەڵکێشە –واجب–ە. نموونە ش وەك: (إضرب بعصاك الحجر) و(بل لايخافون)و(وقددخلوا) و(إذهب بكتابى)و ... هاو وێنەکانیان، لەخوێندنەوەدا دەبنە:(إضربّعصاك الحجر)و(بلاّيخافون) و(وقَدَّخلوا) و(إذهبّكتابى) . لەوحاڵەتەداپیتە وەستاوەکە بەوتن لائە بەین و نیشانەی گرتن –شدە– دەدەینە پیتە جولاوەکە.

پ:٣١/تێکەڵکێشی پیتە لێك نزیکەکان چۆنە؟

و: دووپیتەکە لەشوێنی دەرچوون و سیفەت لێك نزیك بن.

پ:٣٢/ نموونەبێنەوە؟

و:وەك گەیشتنی پیتی–ث–بەپیتی–ذ–نموونەش وەك: (یلهث ذالك)هەروەهاپیتی–ب–پیتی–م–بەدواداهاتبێت وەك: (یابنی إرکب معنا)یان پیتی –ق–ك–ی بەدواداهاتبێت وەك: (ألم نخلقکم) لەخوێندنەوەدا دەبنە: (یلهذّالك–یابنی ارکمَّعنا–الم نخلکُم)بەگرتن و گەزینی پیتی دووەم –ذ،م،ك.

پ:٣٣/تێکەڵکێشکردنی هاوڕەگەزچۆنە؟

و:ئەوەیەدووپیتەکە لەشوێنی دەرچوون وسیفەتیاندا یەك بن.

پ:٣٤/ نموونەبێنەوە؟

و:گەیشتنی پیتی–ط–بەپیتی–ت–وەك: (لئن بسطت)و گەیشتنی پیتی–ت–بەپیتی–ط–وەك: (وقالت طائفة)وگەیشتنی پیتی–ت–بەپیتی–د–وەك: (اثقلت

دعـواالله)و گەيـشتنى پيتـى–ل–بـەپيتى–ر–وەك: (وقـل رب)وگەيـشتنى پيتـى–ذ–بـەپيتى–ظ–وەك: (إذظلمـوا) لەخوێندنەوەدادەبنـە: (لـئن بـستً)و (وقالطّائفـة) و(اثقلـدً عواالله) و(وقرّبٍ)و(إظّلموا).

دووتێبينى:

١/واجب–ەئاشكراكردنى پيتى–ض–ى زەنەدار كاتىْ پيتى –ط–ى بـەدواداهات،وەك: (فمـن اضـطر) هـەروەها كـاتىْ پيتى–ت–ى بەدواداهات،وەك: (فإذاافضتم).

٢/واجـب–ە ئاشـكراكردنى پيتـى –ظ–ى زەنـەداركاتىْ پيتى–ت–ى بەدواداهات، وەك: (سواءعلينااوعظت).

باسی -مدّ-ەکان:

پ:٣٥/مد چییە؟

و:درێژکردنەوەی دەنگە بە هۆی پیتەکانی درێژکردنەوە.

پ:٣٦/درێژکردنەوە چەندبەشی هەیە؟

و:دەبێتەدووبەش.

ا–اصلي وطبيعي–رەسەن=بنەڕەتی=سرووشتی.

ب:فرعی.واتا:لاوەکی=ناسرووشتی=نارەسەن.

پ:٣٧/درێژکردنەوەی رەسەن چۆنە؟

و:ئەودرێژکردنەوە سرووشتی یە یە هەردەم لەگەڵ پیتەکەدایە ولێی جوێ نابێتەوە– همزە وزەنە–شی بەدوادانەهاتبێت.

پ:٣٨/ پیتە کانی درێژکردنەوەکامانەن؟

و:سێ پیتن:–واو–ی زەنەدارپێش خۆی بۆری هەبێت.–یاء –ی زەنەدارپێش خۆی ژێری هەبێت.–الف–ی زەنەدارپێش

خۆی سەری هەبێت.

پ:٣٩/بۆچی بەودرێژکردنەوەدەگوترێت سروشتی،یان -ڕەسەن؟

و:چونکە کەسی تەواو لەسنووری خۆی تێپەڕی ناکات،واتا:نەلێی زیادەکات و نەلێشی کەم دەکاتەوە.

پ:٤٠/ئەندازەوبڕی درێژکردنەوەی چەندە؟

و:یەک -الف-ە کەدەکاتە دووجوولّە لەهەردووحالّەتی وەستان و نەوەستان وکەم کردنەوەشی لەوئەندازەیە - تاوانە.

نموونەی درێژکردنەوەی -الف-وەک: (قال)و-واو-یش وەک: (یقول)و-یائیش-وەک: (قیل). ئیستاش هەریەکەو بەجیاو بەدرێژی لەسەریان دەدوێین.

پ: ٤١/درێژکردنەوەی لاوەکی وناسرووشتی چۆنەوچەندبەشە؟

و:ئەودرێژکردنەوە زیادەیە کەلەسەر درێژکردنەوەی سرووشتی زیاد دەکرێت ، بەهۆی هاتنی -همزە-یان - سکون-زەنەوە بەدوای پیتی -مد-دا،دەشبێتە- ١٣-

بـەش. ١/المـدالواجب المتـصل. ٢/المدالجائزالمنفـصل. ٣/المـــدالعارض للـــسكون. ٤/مدالبـــدل. ٥/مـــدالعوض. ٦/المداللازم المثقّل الكلمى.٧/المداللازم المخفّف الكلمى. ٨/المداللازم المثقّل الحرفى.٩/المداللازم المخفّف الحرفى. ١٠/مدُّاللين. ١١/مدُّالصلة. ١٢/مدُّالفرق.١٣/مدُّالتَّمكين.

پ:٤٢/المدالواجب المتصل-چييەوچەندیش دریژدەکرێتەوە؟

و:بـەهۆی هـاتنی –همـزە–بـەدوای پیتـی –مـد–دادروسـت بووە، پیتەکەو همزەکەش لەیەك وشەدا هـاتوون و بەکوردی دەبێتـە دریـژ کردنـەوەی پێویـست ولکـاو، وەك : (جـاء،سـوء ،شـاء، سـیء)وویـنـەی ئەوانـەش، ئەندازەی پێـنج جوولـەش دریژدەکرێتەوە،هەرجوولـەیـــەکیش دەکاتـــە یـــەکجار بەرزکردنەوە، یان دانانی پەنجە.

تێبینی : ١/ بۆیە پێی دەڵێن :–واجب–چونکە– واجب– ە لە دریژ کردنەوەی سرووشتی پتردرێژ بکرێتەوە کە دەکاتـە پێـنج جوولـە، بـەکۆی دەنگـی زانایـانی هونـەری جـوان

خوێندنەوەی قورئان.

ت:٢/پێشی دەڵێن:لکاو چونکە هەمزەوپیتی-مد-لەیەک وشەداهاتوون.

پ:٤٣/المدالجائزالمنفصل چییە وچەنددرێژدەکرێتەوە؟

و:ئەوەیە پیتی -مد-لە کۆتایی وشەیەکدا بێت وهمز-ەکەش لە وشەیەکی ترداببێت، ئەندازەی درێژکردنەوەشی سێ جۆرە: ١/لەحاڵەتی-الحدر- پەلەکردندا دووجوواڵەیە. ٢/لەحاڵەتی-التدویر- مام ناوەندیش چوارجوواڵەیە . ٣/لەحاڵەتی-الترتیل=التجوید- هێواشیشدا پێنج جووڵە درێژ دەکرێتەوە. نموونەش وەک: (یاأیهاالناس)و (قوا انفسکم)و وێنەی ئەوانەش.

پ:٤٤/المدالعارض للسکون- توشهاتوو -چییە وچە ند درێژ دەکرێتەوە؟

و: وەستانە لەسەرکۆتایی وشە و لەپێش پیتی لەسەروەستاویش پیتێکی -مد-ی سرووشتی هەبێت،

وەك: (العقاب)و(خالدون) و(خبير) دریژکردنەوەیشی بە سێ جۆردروستە:

١/ ئەوپەردریژ دەکاتە شەش جوولّە.٢/مام ناوەندی چوارجوولّە .٣/بەکورتی دووجوولّە. بەلّام باشترینیان دریژکردنەوەی تەواوە کە شەش جوولّەیە.

پ:٤٥/بۆچیی دەگوترێت:المدالعارض للسكون –تووشهاتووبەزەنە؟

و: چونکە زەنەکەی بەهۆی وەستانەوە تووشی هاتووە ئەگەر وەستانی لەسەرنەکرێت زەنەکەنامێنێت ودەبێتە – مد–ی–طبيعي.

پ:٤٦/مدُّ البدل –چییە؟.

و:پیتی –مد و– ء–لەیەك ووشەداهاتبن بەلّام هەمزەکەکرابێتە –مد–وەك: (ادم) کەلەبنەڕەتدا (أادم)بووە، یان وەك: (ایمان)کەلەبنەڕەتدا(إإمان)بووە،تەنها دوو جوولّەش دریژدەکرێتەوە.

پ:٤٧/ -مد-ى -العوض- چييەوچەنددرێژدەكرێتەوە؟

و:راوەستانێكە لەسەر-تنوين-ى دووسەر لەكۆتايى وشەداو تەنها دووجوولّەش درێژدەكرێتەوە، وەك: (عليماحكيما).

پ:٤٨ /-مد-ى-اللازم المثقل الكلمي-چييە؟

و:بەدواى پيتى -مد-پيتێكى گيرا و-مشدد-بێت ولەيەك وشەشدابن، وەك:(ولاالضّالّين)و(الصّاخّة)و(الطّامّة).

پ:٤٩/چەند درێژدەكرێتەوە؟

و:بەقەد سێ -الف-دەكاتە شەش جووڵە.

پ:٥٠-مد-ى اللازم المخفف الكلمى-چييە؟

و: بەدواى پيتى-مد-داپيتێكى نەجووڵاو و زەنەدار هاتبێت،وەك: (آلآن)لەدووشوێن لەسورەتى -يونس-داهاتووە.

پ:۵۱/چەند دریژدەکرێتەوە؟

و:ئەویش بەقەد سێ–الف–دەکاتە شەش جوولە.

پ:۵۲/–مد–ی –اللازم الحرفی المشبع چییە؟

و/ئەوەیە کەپیتێکی سەرەتای هەندێك لەسوڕەتەکان بەشێوازی نووسین سێ پیتی بێت و پیتی ناوەڕاستیشی پیتی –مد–بێت وەی سێیەمیشی زەنەداربێت ،جائەگەرپیتی دوای پیتی –مد–ەکە تێکەڵکێش بکرێت لەگەڵ پیتی پێشتردەبێتە –مد–ی لازمی پیتی گران،وەك: (الٓمٓ)ئەگەر تێکەڵکێشیش نەکرێت ئەوە دەبێتە –مد–ی لازمی پیتی سووك،وەك: (ص والقران)و(ن والقلم)و(ق والقران)هەروەهاوێنەی ئەوانیش.

پ:۵۳/پیتەکانی –مد–ی لازم ی پیتی هەموویان چەندپیتن؟

و:هەشت پیتن لەو رستەدا کۆدەبنەوە–نقص عسلکم– چواریان پیتی –مد–یان–الف–ە کە بریتین لەمانە:(ص والقران)و–کاف وصاد– لە سەرەتای سوڕەتی –مریم–و–

قـاف –لەسـەرەتای سـورەتی–الـشوری–و –لام–لـه–الَمَ– دا.دووشیان پیتی –مد–یان–یاەە کەبریتین لە –میم–لە – الم –و–س–لە–یس –و–طس–. تەنها یەکێکیشیان پیتی –مد–ی–وا و–ە ئەویش پیتی –ن–ە لە ووشەی:(ن والقلم) جائەوحەوتانـە دریـژ دەکرێنەوەبـە–مـد–ی–لازمـی پیتـی مشبع بەبێ جیـاوازی پاو بەکوێی دەنگ. بەڵام پیتـی –ع– لەسـەرەتای سـورەت –مـریم و–الـشوری– بـەدوو شـێواز دەخوێندرێتەوە ١/ دریژکردنەوەی تەواوبە قەد سێ–الف– ٢/ مـام ناوەنـدی =دوو–الـف بـەڵام ئـەوەی زۆرتربـاوەلای زانایانی –تجوید–هی یەکەمە.

پ: ٥٤/چەند دریژدەکرێتەوە؟

و:ئەندازەی سێ–الف–=شەش جووڵە.

پ٥٥/–مد–ی –اللازم المخفف الحرفي=لازم ی سووکی پیتی چییە؟

و:ئەوەیە پیتەکەی بە نووسینی پیتی دوو پیت بێت.

پ:٥٦/ پیتە کانی ئەوجوڕە-مد-ە چەندن؟

و:حەوت پیتن، رستەی (حىٌّ طهُر)کۆیان دەکاتەوە. نموونەکانیش ئەمانەن:١/پیتی-حاء-وەك: (حم). ٢/پیتی-یاء-یش وەك: (یس). ٣/پیتی-ط وهاء)یش (وەك: (طه). ٤/پیتی-راء-وەك: (الر).

پ:٥٧/چەند جوولە درێژدەکرێتەوە؟

و:تەنهادووجوولە درێژدەکرێتەوە.

پ:٥٨/ پیتەکانی -مد-ی -اللین-چین؟

و:دووپیتن-و-ی-بەمەرجێك خۆیان زەنەدارو نەجوولاوبن وپێش خۆشیان سەری هەبێت، وەك: (البیت)و(خوف)و وێنەی ئەوانەش.

پ:٥٩/-مد-ی-صلة-چییەوچەند درێژدەکرێتەوە؟

و:پیتێکی زیادکراوە بەدوای-هاء-ی-ضمیر-ڕاناودا دێت دووجوولەش درێژدەکرێتەوە، چ بوڕی هەبێت یان سەر.

پ:٦٠ مد-ی-صله-چەندبەشە؟

و:دووبەشە،١/كورت.٢/درێژ.

پ: ٦١/ لەچ شوێنێك كورتە؟

و:ئەگەرپێش خۆی جوولاوبێت ،وەك:(إنَّهُ-ولَهُمافی السماوات). بەلام ئەگەرپێش خۆی زەنەدارو نەجولاوبوو، ئەوەدرێژ ناكرێتەوەلەیەك شوێن نەبێت لەسورەی (الفرقان)لە وشەی (ویخلدفیه مهانا)ئەویش لەسە ڕاوخوێندنەوەی -حفص- هەروەهامەرجیشە بەدوای خۆیدا نەلكێندرابێت دەنادرێژ ناكرێتەوە، وەك:(إنەالحق) و(ولە الدین) ئەمانە درێژ ناكرێنەوە بەكۆی را، (القە) لەسورەی (النَّمل)و(أرجه)یش بەزەنەداری دەخوێندرێنەوە.

پ:٦٢/لە چ شوێنێك -مد-ی-صله-درێژدەكرێتەوە؟

و:ئەگەرلەدوای -هاء- همزه-ی قطع هات ئەوە-هاء ی ضمیر-ڕاناو-دروستە ئەندازەی دوو-الف ونیو- درێژ بكرێتەوەو دروستیشە لەحاڵەتی -الحدر-واتا:پەلەكردن،

ئەنـــدازەی يـــەك –الـــف–وەك –مـــد–ی –المنفـــصل– بخوێندرێتەوە،نموونە: (عندەالا)و(من علمه الابماشاء)و(إنه أضحك)و وێنەی ئەوانە ش.

پ:٦٣/بۆچی پێی دەڵێن-صلە).

و: لەبەرشـەرم وئـەدەب بەرامبـەر قوڕئـان چـونکە قوڕئـان پیرۆزە وپاکە لەزیادە وکەمی.

پ:٦٤/-مد-ی-الفرق-چییە؟

و:–مد–یکی شازوکەم ڕووی داوەئەویش دووجار لەسوڕەی –الانعام–هاتووەبەم سیغەیە: (قل: الذكرين حرم ام الانثيين)؟ لەسـوڕەی (یـونس)یـش:(قـل:الله أذن لكـم)؟ولەسـوڕەی – النمل–یش (الله خیرام مایشرکون).

پ:٦٥/بۆچ پێی دەڵێن-مد-ی-الفرق-جیاکەرەوە؟

و:چونکە جیاوازی دەکات لەنێوان پرسیارکردن وهەواڵدان ،چونکە ئەگەردرێژنەکرێتەوە ئەوە گومان دەکرێت کە هەوالێ بێـــت نـــەك پرسیارچـــونکە هەمزەکـــە بـــۆ–إســـتفهام–

پرسیارهاتووه.

پ:٦٦/-مدالتمكين-رێگه پێ دراو=وازلێ هێنراو-چییه؟

و:بریتی یه لەبەیەك گەیشتنی دوو-یاء لە یەك ووشەدا-یەکەمیان ژێری هەبێت و دووەمیشیان نەجووڵاوبێت، وەك:(حییتم)و(النبیین).ئەندازەی درێژکردنەوەشی بە کوێی دەنگ یەك -الف-ە واتا:دووجووڵە،ئەوەش بە -واجب- دا ندراوە،چونکە ئەگەردرێژنەکرێتەوە ئەوە یان -إدغام- رووەدات یاخود-لەناوچوونی یەك لەدوو-یاء-ەکە.

پ:٦٧/بۆچ پێی دەڵێن-مدالتمكين-؟

و:چونکە -شدة-گرتن یاگەزتن-وازی لێ هێناوەو لێی گەڕاوە.

باسی پیتی -ر-

پ:٦٨/ پیتی -ر-چەند حاڵە تی هەیە؟

و: سێ حاڵە ت١/التفخيم=گران یاقەڵەو.٢/الترقيق=سووك یالاواز. ٣ /هەردووڵای وەك یەك دروستە.

پ:٦٩/-ر-ی قەڵەوکامەیە؟

و:ئەوەیە أ- سەری هەبێت ،وەك: (ربَّنااتنا). ب- بۆری هەبێت، وەك: (هذاالذی رُزقنا). ج-خۆی زەنەداروپیتی پێش خۆشی بۆری هەبێت، وەك:(القُرْان-المُرْسلين) یان سەری هەبێت، وەك:(الرحمة-الرشاد). د-خۆی زەنەدارو پێش خۆشی ژێرێکی -عارض-تووشهاتووی هەبێت، وەك: (إرْجعواالی ابیکم) هـ-خۆی زەنەدارو پێش خۆشی ژێرێکی -اصلي-هەبێت ودوای خۆشی پیتێکی - إستعلاء- بێت،وەك: (قرطاس)و(مزصاد)وویْنەی ئەوانەش.

پ:۷۰/كامە-ر-بە هەردووشێوازی قەڵەوی ولاوازی دروستە بخوێندرێتەوە؟

و:ا-هەركاتێ زەنەدارو لەكۆتایی وشەدابوو وپیتی پێش خۆشی پیتێكی-إستعلاء-ی زەنەداربێت،وەك: -مصر- القطر- بەڵام ڕای هەڵبژێردراو ئەوەیە،-ر-ی -مصر- بەقەڵەوی و-ر-ی القطر-یش بەلاوازی بخوێندرێتەوە.

ب/هەركاتێ خۆی زەنەدارو پێش خۆشی بۆرودوای خۆشی -ی-ی لادراولەبەر سووكی هەبوو،وەك: (فكيف كان عذابی ونذر) لەبنەڕەتدا- نذری) بووە لەبەر سووكی -ی-ە كە لابراوە، بەهەردووشێوە دەخوێندرێتەوە، بەڵام ڕای هەڵبژێردرا و بەلاوازی خوێندنەوەیەتی. ج-خۆی زەنەدارو پێش خۆشی ژێردارو دوای خۆشی پیتێكی - إستعلاء-ی ژێرداربوو،وەك: (فرق).

پ:۷۱/كامە-ر-بەسووكى يالاوازى دەخوێندرێتەوە؟

و:ئەوەيە ژێرى هەبێت جا چ لەسەرەتاى وشەدا بێت يان لەناوەڕاست يان لەكۆتايى دابێت، هەروەها لە -إسم=ناو- يان لە-فعل-=كردار- دابێت، نموونەش : (رزقاقالوا)و(رجال يحبون)و(وفى الرقاب والغارمين) و(والفجرولىال عشر) و (وارنا مناسكنا) و(وأنذرالناس)و(وأذكراسم ربك). هەروەها ئەگەرپيتى پێش خۆى پيتى -لين-=نەرم-واتا:-ى-ى زەنەدار بێت،وەك: (قدير)و(خبير).هەروەها ئەگەر خۆى زەنەداروپێش خۆشى ژێرى-اصلى-هەبوو و لەدواى خۆشى پيتێكى- إستعلاء- نەبوو ديسان بەلاوازى دەخوێندرێتەوە، وەك: (أنذرهم)و(فرعون)و(مريه).

پ:۷۲/ پيتەكانى -إستعلاء-چين وچەندن؟

و: حەوتن وگشتيان لە و وشانەدا كۆدەبنەوە-خص، ضغط، قظ- واتا:خ وص وض وغ وط وق وظ.

باسی -القلقلة- لەراندنەوەی دەنگ :

پ:۷۳/ پیتەکانی-القلقلة-چەندن؟

و:پێنجن ورستەی -قطب جد-کۆیان دەکاتەوە، واتا:پیتەکانی -ق ،ط، ب، ج، د- بەمەرجێك زەنەداربن ئنجا لەرینەوە دروست دەبێت .

پ:۷٤/ لەراندنەوەی دەنگ چەندبەشە؟

و:دووبەشە ۱/بچووك.۲/گەورە. ۱/ئەگەرزەنەکەیان بنەڕەتی -اصلی-بوو ئەوە بەشی بچووکە وەك: (یقطعون) و(یطعمون) و(یجعلون)و(یدعون)و(لتبلون). ۲/بەڵام ئەگەرهات و زەنەکەیان -عارض-تووشهاتوو-بوو، ئەوە لەرینەوەی گەورەیە وەك: (خلاق) و(صراط)و(عذاب) و(بهیج) و(شدید) ئەمانە تەنها لەکاتی لەسەر وەستانیان دەلەرێندرێنەوەو بەس.

باسی -مخارج الحروف- دەریچە: واتا:شوێن وریگای دەرچوونی پیتەکان:

پ:٧٥/دەریچەکان چەندن؟

و:حەڤدە دەریچەن.

پ:٧٦/ئەو حەڤدە دەریچانە چەند جێگایان هەن؟

و:پێنج جێگا: ١/ بۆشایی دەم =زار .٢/گەروو. ٣/زمان. ٤/دوولێوەکان. ٥/کونەلووت.

پ:٧٧/بەچ شێوەیەك ریگای دەرچوونی هەرپیتێك دەدۆزینەوە؟

و:پیتەکە بەزەنەداری دادەنێین وپیتێکی جولاوو بزوێندارێشی لەپێش دادەنێین، ئینجالەکوێ دەنگەکە کۆتایی هات ئەوێ شوێنی دەرچوونی پیتەکەیە، بەوشێوە:اا،اب،ات و...هتد.

پ:٧٨/دەریچە ی یەکەم کامەیەوچەند پیتیشی لێ دەردەچن؟

و:بۆشایی گەرووەو تەنها سێ پیت لەودەریچە یە دەردەچن کە ئەمانەن:–الف،واو–یاء–کاتێ زەنەدارونەجوولاوبن.

پ:۷۹دەریچە ی دووەم کامەیەو چەند پیتیشی لێ دەردەچن؟

و:لای خواروی گەروو تەنها دووپیتی –هاء وهمزە–لێی دەردەچن.

پ:۸۰/دەریچەی سێیەم کامەیە وچەند پیتیشی لێ دەردەچن؟

و:ناوەندی گەروو تەنها دووپیتی –عین وحاء–ی لێ دەردەچن.

پ:۸۱/دەریچەی چوارەم کامەیە وچەند پیتیشی لێ دەردەچن؟

و:سەرەتای گەرووەو تەنها دوو پیتی –غین وخاء–ی لێ دەردەچن.

پ:۸۲/دەریچەی پێنجەم کامەیە و چەند پیتیشی لێ دەردەچن؟

و:دەکەوێتە نێوان کۆتایی زمان بەلای گەروو بەرامبەر مەلاشووی سەرەوە تەنهاپیتی –قاف–ی لێ دەردەچێت.

پ:٨٣/دەریچەی شەشەم کامەیە و چەند پیتیشی لێ دەردەچن؟

و:کۆتایی زمان وبن دەریچەی پیتی –قاف–وبەرامبەر مەلاشووی سەرەوەو تەنها پیتی–کاف–یشی لێ دەردەچێت.

پ:٨٤/دەریچەی حەوتەم کامەیە و چەند پیتیشی لێ دەردەچن؟

و:ناوەڕاستی زمان لەنێوان زمان و ناوەڕاستی مەلاشووی سەروو تەنها سێ پیتی –جیم وشین ویاء–ی لێ دەردەچن.

پ:٨٥/دەریچەی هەشتەم کامەیە وچەند پیتیشی لێ دەردەچن؟

و: سەرەتای ڕۆخی زمان بەرەو ددانە خرێیەکان بەرەو مەلاشووی سەروو بەلای چەپەوە یان ڕاستە، بەلام لای چەپیان بە باشتر دانراوەو تەنها پیتی–ض–ی لێ دەردەچێت.

پ:٨٦/دەریچەی نۆیەم کامەیە وچەند پیتیشی لێ دەردەچن؟

و:ڕۆخی زمان بەرەو دەرەوەو نزیك ڕێگای پیتی–ض–وتەنها پیتی –لام–ی لێ دەردەچێت.

پ:۸۷/دەربڕینی دەیەم کامە یە وچەندێتیشی لێ دەردەچێ؟

و:ڕوونکردنەوەی زمان و کەمێك لەخواروو -لام-تەنها پیتی- نون-ی لێ دەردەچێت.

پ:۸۸/دەربڕینی یازدەهەم کامە یە وچەندێتی لێ دەردەچێ؟

و: شوێنی دەرچوونی پیتی-نون-بە لام هەندەك نزیکتر لە پشتی زمان و تەنها پیتی-راء-ی لێ دەردەچێت.

پ:۸۹/دەربڕینی دوازدەهەم کامەیەوچەندێتیشی لێ دەردەچێ؟

و:سەری زمان بەگەیشتنی بەبنی ددانەکانی پێشووی سەرەوەو بەرەومە لاشووی سەرووتەنها پیتی-ط ،د ،ت -ی لێ دەردەچێ.

پ:۹۰/دەربڕینی سێزدەهەم کامەیەوچەندێتیشی لێ دەردەچێ؟

و:نێوان سەری زمان وسەرەوەی دوو ددانەکانی پێشووی سەروو خوارو، تەنهاپیتی -صاد وزای وسین-ی لێ دەردەچێ، پێشیان دەڵێن:-حروف الصفیر-. واتا:پیتە فیکەیی یەکان.

پ:۹۱/دەربڕەی چواردەهەم کامەیەوچەندپیتی لێ دەردەچن؟

و:سەری زمان و ددانەکانی پێشووی سەروو ئەوپیتانەی لێ دەردەچن–ظ، ث،ذ–پێشیان دەوترێ:–الحروف اللثوية–

پ:۹۲دەربڕەی پازدەهەم کامەیەوچەندپیتی لێ دەردەچن؟

و:لەناو لێوی خواروو سەری ددانەکانی پێشووی سەروو تەنها پیتی –فاء–ی لێ دەردەچێت.

پ:۹۳/دەربڕەی شازدەهەم کامەیەو چەندپیتیشی لێ دەردەچن؟

و:نێوانی هەردوو لێوەکانە وپیتەکانی –و،ب وم–ی لێ دەردەچن پێشیان دەگوترێ :–الحروف الشفوية = پیتە لێویەکان.

پ:۹٤/دەربڕەی حەڤدەهەم کامەیەوچەندپیتیشی لێ دەردەچن؟

و:کونەلووتی سەرەوەیەو پیتەکانی –غنە–مینگەی–لێ دەردەچن کەبریتین لەپیتی:–نون وتنوین –کاتێ تێکەڵکێش بکرێن بەمینگە یاخۆد بشاردرێنەوە، هەروەها–میم ونوونی گیرا و–مشدد –.

باسی-صفات الحروف

=رەوشتی پیتەکان = سیفەتی:

پ: ٩٥/مانای -صفه-چییه؟

و:چۆنیەتی یەکە بەسەر هەرپیتێکدا دێت کاتێ بەرێگای خۆیدادەردەچێت، وەك:سیفەتی نەرمی یان تونـدی و....هتد.

پ:٩٦/سیفەتەکان چەندن؟

و:لەسەر ڕای هەڵبژێردرا وحەڤدەن.

پ:٩٧/دەبنە چەندبەش؟

و:دەبنە دووبەش: ١/ئەوانەی دژیان هەیە کە پێنجن.

٢/دژیان نی یە ئەوانیش حەوتن.

پ:٩٨/ئەوسیفەتانەی دژیان هەیە کامانەن؟

و: ١-الجهر-واتا:دەربڕینی دەنگی پیتەکان بە گرانی وقەڵەوی زمان بەرەو ژوور دەبات، پێشی دەگوترێت-

إستعلاء–پیتەکانیشی نۆزدەن کە ئە مانەن:–عظم، وزن قاریء ، ذی، غض ، جد، طلب–دژەکەشی سیفەتی – الهمس–ە واتا:دەربڕینی دەنگی پیتەکان بەنەرمی وسووکی لە کاتی دەرچوونیان، پیتەکانیشی دە پیتن کەئەمانەن: – فحثه، شخص، سکت،– ٢/ –الشده–واتا:توندی و گرتنی دەنگە لەکاتی دەربڕینیان پیتەکانیشی هەشتن کە ئەمانەن : –أجد، قط، بکت–دژەکەشی پێی دەڵێن: –الرخاوه– واتا:نەرمی یان شلی ودەربڕینی دەنگی پیتەکان بەئاسانی، پیتەکانیشی شازدەپیتن کەئەمانەن:– ث ح خ ذ ز س ش ص ض ظ غ ف ه و ی .٣/نێوان ئەو دوانە واتا:مام ناوەند نە توندونەشڵ. پیتەکانیشی پێنجن کە ئەمانەن:–لن عمر–. ٤/–الاستعلا ء: واتا: زمان بەرەو ژوورچوون بۆلای مەلاشووی سەرەوە ودەم پربوون لەدەنگ.پیتەکانیشی حەوتن کەئەمانەن: –خص ضغط قظ– دژەکەشی پێی دەگوترێ:–الاستفال،واتا:دابەزینی زمان لەکاتی دەربڕینی

دەنگی پیتەکان لەمە لاشووی سەرەوە بۆناو قولایی دەم ،پیتەکانیشی ئەمانەن:–ثبت عز من یجودحرفه إذاسل شکا– .

٥/الاطباق:واتا:نووسانی مەلاشووی سەرەوە بەشی بەرامبەر زمان، بەزمانەوە لەکاتی دەربڕینی پیتەکانی کەئەمانەن:–ص ض ط ظ– . ٦/الانفتاح:واتا:کرانەوەی نێوان زمان ومەلاشووی سەرەوو دەرچوونی هەوا لەنێوانیاندا لەکاتی دەرچوونی پیتەکانی کەدەکاتە هەموو پیتەکان بێجگە چوارپیتی–الاطباق –ص وض ط وظ –.

٧/الاذلاق:واتا:سووک و ئاسان دەرچوونی دەنگی پیتەکە ،چونکە پیتەکان زۆرسووکن، کەئەمانەن – فر من لب–

٨/الاصمات:واتا:پێچەوانەی پێشوو–الاذلاق–پیتەکانیشی هەموو پیتەکانن،بێجگە پیتە کانی–الاذلاق–فرمن لب–.

پ:٩٩/ئه وسیفه تانه کامانەن دژیان نی یه؟

و:ئەمانەن:١/الصفیر،٢/القلقلة،٣/اللین،٤/الانحراف،٥/التکرر

، ٦/التفشى، ٧/الاستطالة. ١/الصفير/واتا:پيتە فيكەيى يەكان،بريتى يە لەخڕكردنەوەى دەنگ لەنێوان ددانەكانى پێشوو سەرى زمان دەنگێكى وەك: فيكە يان فيتەى لێ دەردەچێت، پيتەكانيشى ئەمانەن:-ص ز س- ٢/ اللين-واتا:دەربڕينى دەنگ بە ئاسانى بێ ئەوەى زمان ماندو ببێت، ئەويش لەپيتى -و-ى-ى زەنەداردا دەبێت، كاتێ بەدواى پيتێكى سەردار دا هاتبن، وەك: (خوف)و(بيت). ٣/الانحراف:واتا:لادانى پيتى -ل ر- لەدەريچەى خۆيان بۆدەريچە يەكى تر. ٤/التكرير:واتا:دووبارە بوونەوەو دەنگ دانەوەى دەنگى پيتى -ر-. ٥/التفشى: واتا: بلاوبوونەوەى هەوا لەدەم و زاردا، ئەويش كاتى دەربڕينى دەنگى پيتى-ش- دەبێت. ٦/ الاستطالة/واتا:درێژە پێدانى دەنگى -ض-لەدەريچەى خۆى تادەگاتەوە بە دەريچەى -ل-.

باسى-الوقف- وەستانە كان:

واتا:بڕين وپچڕاندنى دەنگ، لەسەر كۆتايى وشە ماوەيەك قوڕئان خوێن بتوانێت هەناسەيەك بخواتەوە، بەنيازى بەسەرداچوونەوەوجارێكى تردەست پێكردنەوەى خوێندنەوەى قوڕئان،جالەسەر قوڕئان خوێن پێويستە كاتێ دەستى پێ كردەوە لەشوێنێك دەست پێ بكاتەوە مانای ڕوون بێت وماناكە تێك نەدات، كەواتە بۆى دروست نى يە بەوشەى -إنى كفرت-يان-يدالله مغلولة-يان-إن الله فقير- دەست پێ بكاتەوە، هەر بۆيە پێويست دەكات قوڕئان خوێن، كاتى خوێندنەكەى زۆر زۆر وريا و بەئاگاوچاپووك بێت وتێبينى مانای ئايەت وڕستەكان بكات.جاكاتێ هەناسەى تەنگ بوو و بەناچارى لەسەر وشەيەك وەستا،پێويستە شوێنێك هەڵبژێرێت لەگەڵ ماناو مەبەستى ئايەتەكە گونجاوبێت،كەواتە نابێ لەسەر (جنات تجرى) بوەستێ چونكە مانای ئايەتەكە دەبێتە:باغەكان دەڕۆن-

باغیش ناڕوات! بەڵکو رووبارەکان بەلای باغەکاندا تێ دەپەڕن دەڕۆن،جاکەوەستا لەوشوێنانە، دەبێ بۆدەست پێ کردنەوە بگەڕێتەوە سەر پێش وەستانەکەی ولە شوێنێك دەست پێ بکاتەوە مانای تێروتەسەل بێت.لە قورئانیشدا شوێنێك نی یە وەستان لەسەری –واجب–بێت وقورئان خوێن بە نە وەستان لەسەری تاوانباربێت،یان وەستان لەسەری–حرام–بێت وبە وەستان لەسەری تاوا نباربێت. مەگەر بە ئە نقەست لەسەر شوێنێکی وەك: (إنَّ اللهَ ثالثُ ثلاثة) بوەستێت. جا ئەگەر دەیزانی مانای چییەوبە – عمدی–ئەنقەست–وای کرد ئەوە پێی لەئایین دەردەچێت و–کافر–دەبێت، چونکە ماناکەی وەها لێ دێت =الله–جل جلاله– سێیە می خواکانە، نعوذبالله.

پ:۱۰۰ /وەستان چەند بەشە؟.

و:چواربەشە. (التام، الكافى، الحسن، القبيح) ۱/ وەستانى- التام- كامەيە؟

پ:۱۰۱وەستانى تەواوكامەيە؟

و:وەستانە لە سەر وشەيەك ماناو مەبەستى تەوا وب دات وپێویستى بەگەڕانەوە سەر پێش خۆى نەبێت وەك وەستان لەسەر : (المفلحون)البقرة -٥- پێشى دەگوترێت:- الوقف اللازم-ونیشانەشى -م-ە لەقورئانەكاندا. ۲/وەستانى - كافى-

پ:۱۰۲/وەستانى-كافى -كامەيە؟

و:وەستانە لەسە شوێنێك كەمانای دروست بدات و وەستانیشى باشتربێت، لە نە وەستان، نیشانەكە شى - قلى-ەوەك وەستان لەسەر: (لايؤمنون).لەسەرەتاى - البقرة-

۳/الوقف الحسن:

پ:١٠٣/وەستانى -الحسن-كامەيە؟

و: وەستانە لەسەرشوێنێك كەمانايە كى دروست بدات بەڵام نەوەستانیشى باشترىێت، چونكە پێش وپاشى وشەكە پەيوەندیان بەيەكەوە هەيە، لەبەخشینى ماناومەبەستى تەواودا، وەك وەستان لەسەر وشەى : (الحمدلله)لەسورەى -الفاتحە- چونكە (رب)-صفە-یە بۆ-الله-وپەيوەندى بەپێش و دواى خۆى هەیە لە رووى -لفظي- یەوە، هەروەها وەستان لەسەر: (علیهم)ى یەكەم لەهەمان سورەتدا.

٤/الوقف القبيح:واتا:ناشيرين.

پ:/ ١٠٤:الوقف القبيح: كامەيە؟

و:وەستانە لەسەرشوێنێك كەمانای تەواو نەدات پێش وپاشى وشەكەش پەيوەست بن بەيەكەوە لەرووى-لفظى ومعنى-وە، وەك وەستان لەسەر وشەى -بسم-لە-بسم

الله–و وشەی –الحمد–له–الحمدلله–و وشەی –مالك–يان وشەی –يوم– له –مالك يوم الدين–چونكه نازانرێت بۆ كێ پاڵدراون.مانايه كى وادەدات لەخواى بەديهێنەرو بالادەست ناوەشێتەوە. تێبينى:وەستانێكى تريش هەيە پێى دەڵێن:الوقف الجائز واتا:وەستان ونەوەستانى وەك يەكن نيشانەكەشى پيتى–ج–ە وەك:(نحن نقص عليك نبأهم بالحق،إنهم فتيه امنوابربهم)الكهف١٣ .

وەستانێكى تريش هەيە پێى دەڵێن:–وقف المراقبة– ئەويش ئەوەيە دووشوێنى وەستان بەدواى يەكدا هاتوون،جائەگەر قورئان خوێن لەسەريەكێكيان وەستا،نابێ لەسەر ئەوى تريان بوەستێ، نيشانەكەشى دانانى سێ خاڵە دوجاران لەيەك ئايە ت و له يەك شوێندا، وەك:(لاريب فيه)و(ولاتلقوا بايديكم الى التهلكة واحسنوا).

باسی-سەکتە:

پ:١٠٥/لەسەر ڕای-حفص-لەچەندشوێنان -سەکتە-هەیە؟

و:لەچوارجێدا ، ١/کۆتایی ئایەتی یەکەم ی سوڕەی- الکهف- (ولم يجعل له عوجا)جاقوڕئان خوێن ئالێرەو لەسەر-الف-ی -عوجا-کەمێك دەوەستێ بە بێ هەناسەدان، ئینجا دەست دەکات بەئایە تی دواتر(قیما). ٢/لەسەر وشەی (مرقدنا)لەسوڕەی -یس- لەئایەتی:(من بعثنا من مرقدنا)جاقوڕئان خوێن کەمێك لەسەر-الف-ی-مرقدنا- دەوەستێ بەبێ هەناسەدان ئینجا دەست دەکات بە (هذا). ٣/لەسەر وشەی (من)لەسوڕەی -القیامة- ئایەتی:(وقیل من) قوڕئان خوێن لەسەر(من)کەمێك دەوەستێ بەبێ هەناسە دان وئنجادەست دەکات بەدواتر -راق-. ٤/لەسەر وشەی (بل)لەسوڕەتی -المطففین-ئایەتی (کلابل)جا قوڕئان خوێن کەمێك لەسەر وشەی

(بل)دەوەستێ ئنجادەست دەكات بەخوێندنەوەی وشەی دواتر(ران).نیشانەكەشی بریتی یە لەدانانی پیتی –س– لەسەرئە و وشەی لەسەری دەوەستێت.

باسی ئە وشتە-حرام-ویاساغ كراوا نەی كە قورئان خوێنان دایان هێناون لەكاتی قورئان خوێندندا.

پ:١٠٦.ئە وشتانە چین كە قورئان خوێنانی ئە وسەردەمە دایان هێناون؟

و:زۆرشتی نارە وایان داهێناوە لەرووی شەرعی خوا دروست نین،چونكە :

*یان زیادكردنە لەسنووری شەرعی خۆی یان كەم كردنە لێی،ئەویش بەهۆی ئاوا زێكی نەگونجاو لەگەڵ ماناو مەبەست و ئادابی قورئان خوێندن، تاكە مەبەستیشیان لە وكارە سەرنج ڕاكێشانی خەڵكە بۆلای خۆیان، هیچ كامیشیان دروست نین،چونكە بەو ئاوازە لە یاسای قورئان

خوێندن دەردەچێت و قورئان خوێندنە کە فەرموودەی خوای باڵادەست و بەدیهێنە ری بوونەوەرە، دەچێتە چوارچێوەی گۆرانی هەرلەمرۆڤی بێ کارو نا رەسەن دەوەشێتەوەو هەرگیزاو هەرگیز لە فەرموودەی خوای پەروەردگار ناوەشێتەوە؟.موسوڵمانانی پێشووش هەمیشە و هەردەم رێگریان دەکرد، لەوجۆرە قورئان خوێندنە،چونکە بە وئاوازانە قورئان خوێن زۆر جارتووشی درێژکردنە وەیەک دێت جێگای ئەوئەندازە درێژکردنەوە نییەو دەیباتەسنوورێك، دروست نی یە بەگوێرەی یاساکانی رێزمانی –عربی–.

*یەکێکی تر لەو شتە نادروستانە (یاری)–رقص–کردنە بەسەروژێرو بۆری پیتەکان بە تایبەت پیتەکانی–مد. هەندێکیش لەشارەزایانی –تجوید–دەڵێن:یەك لە کارە نالە بارە کانیان ئە وەیە لەسەرپیتی–ساکن– دەوەستن بەبێ هەناسە دان و دواتر بەشێوازێك تێپەڕی دەکەن کە بزوێن–

حركة–ى دەدەنێ و بەشێوەى بازدان و گورگە لۆقەش لێى تێدەپەرن.

*يەكێكى تر لەو شتە نادروستانە ئەوەيە:پێى دەڵێن:– التحزين– واتا:خۆخەمباروخەمگين نيشاندان لەبەرچاوى خەڵك، ئەوەش بۆيە قەدەغەيە، چونكە كلكە سووتێ–الرياء –ى تێدايە وئەويش –شرك–ەو هاوبەشى پەيداكردنە بۆخوا،خواپەنامان بدات لەوكارە ناشيرين و نادروستانە امين.

*خاڵێكى تر گوڕاندن ونەڕاندنە واتا: قوڕئان خوێن بەشێوازى هەوردەنە ڕێنێ وەك بڵێى :ئەوەندە سە رمايە تى تا داى گرتووە، يان ئازارى تووش بووە لەتاوى قوڕئان.

*خاڵێكى ترئەوەيە پێى دەڵێن: –التحريف–ئەويش ئەوەيە هەندێك لە قوڕئان خوێنەكان كۆدەبنەوەو هەموويان بەيەك دەنگ دەخوێنن، خوێندنەكەيان دەپچڕێنن ئينجا هەندێكيان بەشێكى ئايەتەكە يان وشەكە دەڵێن

وهەندێکیشیان باقی یەکەی تردەڵێن ، زۆرگرنگی دەدەن بە دەنگەکانیان ،بێ ئەوەی پەچاوی خێرو پاداشتی خودا ودواڕۆژیان بکەن،لەمان کاتدا زیانێکی زۆریش لەفەرموودەی خوای بەرزوبالآدەست دەدەن .ئەوهەمووشتە داهێنراوو نادروستانە–حرام–ن پێویستە لەسەرموسڵمانان بەگشتی و زانایان بەتایبەتی وەلآمیان بدەنەوەو دژیان بوەستن وبیان گێڕنەوە سەر ئەو رێبازە ڕاستەی کە پێغەمبەر(ﷺ) وهاوەڵە بەڕێزەکانی لەسەری بوون، لەکاتی خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز.

باسى -التكبير-الله أكبر-گوتن وهۆكارو سيغەو سەرەتاو كۆتايى.

پ:١٠٧/الله أكبر گوتن دواى خـەتمى قورئـان، دەكەوێتـە بـەرچ ياسايەك؟

و:سوننەتە.

ق:١٠٨/ هۆكار-سبب-ى چييە؟

و:خـواى بالادەسـت ماوەيـەك سـروش-وحـى-ى لەسـەرپێغەمبەر(ﷺ)راگـرت ،هەنـدێك لـەزانايان دەڵێن:١٢رۆژو هەندێكيش دەڵێن:١٥رۆژو هەندێكيش دەڵێن :٤٠چل رۆژ، ئـەوەبوو بـت پەرستە كـانيش وتيـان:خـواى محمـد(ﷺ)وازى لێ هێنـاوەو تـووڕە بـووەلێى، نعـوذ بـالله.ئـەوەبووخواى ميهرەبـان وبەسـۆزيش جـل جلالـە فريشتەى -وحى-جبريل-ى عليه السلام ناردوسوڕەتى - الـضحى-ى بۆنارد،جاكـاتێ جبريـل عليهالـسلام گەيـشتە

کۆتایی سورەتەکە پێغەمبەر (ﷺ) یەکسەر فەرمووی:–اللە أکبر– چونکە پێغەمبەر (ﷺ) چاوەڕێ بوو کارێکی وابێتە پێشەوە، تاقسەی بێ بڕوا کان بەدرۆ بێتەوە.

پ :۱۰۹/ سیغە کەی چۆنە؟

و:سیغەکەی –اللە أکبر–ە.هەندێکیش دەڵێن:پێشتر–لااله الاالله–دەڵێ:ئنجا–اللە أکبر– دەکات، بەوشێوە :لااله الا الله، والله أکبر،ئنجا –بسم الله– دەکات بۆسورەتی دواتر، هەندێکیش –لله الحمد– شیان زیاد کردووە بە وشێوە:(لااله‌الاالله، والله أکبر، ولله الحمد، بسم الله ...)هتد.

پ:۱۱۰/لەکوێ دەست بە–اللە أکبر–دەکرێ ولەکوێش کۆتایی دێت؟

و:کاتێ کۆتایی هێنابەسورەتی–الضحی–دەستی پێدەکات وکۆتایی یە کەشی بەکۆتایی هێنان بەسورەتی–الناس–ە.

حاڵی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) دوای خەتمی قورئان و ئەو-دوعا-یانەی کەلە پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتوون .

پ:١١١/هاوەڵان وموسوڵمانانی پێشین دوای خەتمی قورئان حاڵیان چۆن بوو؟

و:سێ جۆر بوون. ١/ ئەوانەبوون دوای خەتمی قورئان بێ دەنگ دەبوون ودوعایان نەدەکردو تەنها داوای لێبوردنیان لەخوادەکردوبەس، ئەویش بە شەرمەزارییەوە ،ئەوە حاڵی ئەوانە بوو کە زۆرتر لەخوا دەترسان و، خۆیان پێ کەمتەرخەم وتاوانباربوو بەرامبەر بە خواوئەرك ومافەکانی؟. ٢/ ئەوانەش کاتێ خەتمیان دەکرد، یەکسەر دوعایان دەکرد ،تاخوالێیان وەرگرێت ولێیان خۆش بێت. ٣/ ئەوانەش کاتێ خەتمیان دەکرد جارێکی تردەگەڕانەوە سەرسورەتی –الفاتحە–بەبێ وەستان .

پ:۱۱۲/ ئەودوعایە کامە یە کەلە پێغەمبەرەوە- ص- هاتووە دوای خەتمی قورئانی پیرۆز؟

و:دوعای پێغەمبەر (ﷺ) گشتگیرو بۆخێروخۆشی دونیاو دواڕۆژبوو و بەم شێوەیە بوو:

(اللهم إنا عبيدك، وأبناءُ عبيدك، وأبناءُ إمائك، ناصيتنا بيدك،ماض فيناحكمك،عدل فينا قضاؤك،نسألك بكل اسم هو لك سميت به نفسك،اوانزلته فى كتابك، او علمته أحدامن خلقك،اوإستأثرت به فى علم الغيب عندك،أن تجعل القران العظيم ربيع قلوبنا، ونور أبصارنا،وشفاء صدورنا،وجلاء أحزاننا،وذهاب همومنا وغمومنا وسائقنا وقائدنا إليك،والى جناتك جنات النعيم،ودارك دارالسلام،مع الذين أنعمت عليهم من النبيين و الصديقين والشهداء والصالحين،برحمتك يا أرحم الراحمين، اللهم اجعله لناشفاء وهدى ورحمة، وارزقنا تلاوته على النحوالذى يرضيك عنا، ولاتجعل لناذنبا الا غفرته، ولاهما الا فرجته، ولادينا الا قضيته، ولا مريضا

الا شفيته،ولاعدوا الاكفيته، ولا غائبا الا رددته، ولاعاصيا الاعصمته،ولافاسدا الا أصلحته ،ولاميتا الارحمته، ولاعيبا الا سترته ،ولاعسيرا الا يسرته، ولا حاجة من حوائج الدنيا والاخرة لك فيها رضى ،ولنا فيها صلاح الاأعنتنا على قضائها، في يسرمنك وعافية، يارحم الراحمين.

وصلى الله على سيدنامحمدوعلى اله وصحبه أجمعين.

تەواوبوو بەپشتیوانی خوای بالادەست و زانا بە هەموو شتێك، لەسەر دەستی بەندەی هەژارو نەدارو پشت بەستوو هەربە الله، داواکارم قبوڵی بکات لێم.

خوایە بیکە بە تۆشوویەکی سوودبەخش بۆ قوتابیانی قورئان بەخێرو چاکە بەکاری بێنن، بیکە بەهۆکارێك بمگەیێنێتە بەهەشت و سەر کەوتنی یەکجاری و هەتا هەتایی و هەرچی زاناو نەزانە سوودی لێ وەربگرن.

واخردعوانا ان الحمدلله رب العالمین.

نووسەر

محمد المحمود النجار الحنفی الحموی

لەرۆژی پێنج شەممە

رێکەوتی :٢٤/ ٣ربیع/١٣١٦/١ك.

بەپشتیوانی خوای بالادەست وزانا بەهەموو شت وتوانا بەسەر هەموو شتدا، لێ بوومەوە لەوەرگێڕانی ئەونامیلکە پڕسوودوکەڵکو کەم وێنەیە لەزانستەکانی جوان خوێندنەوەی قورئانی پیرۆز، لەرۆژی چوارشەممە رێکەوتی ١٠/٩ شوال ی ١٤٢٩ ك و٢٠٠٨/١٠/٨ ز دەپارێمەوە لەخوای خاوەن سۆز بیکاتە تۆشوویەکی دواڕۆژ، بۆ بەندەی کەم تەرخەم تاوانکار. امین.

وەرگێڕ

ناحیەی/قەسرێ. سوپاس هەربۆخوای تواناوتوانادەر.

چەندئاداب وڕەوشتێکی تایبەت تی قورئان خوێندن:

پێویستە لەکاتی قورئان خوێندندا ئەوخالآنە ڕەچاوبکرێن:

*گوتنی–اعوذبالله من الشيطان الرجيم–پێش دەست کردن بەقورئان خوێندن–واجب–ە،چونکە خودای بەرزوبالآ فەرمانی پێکردووەو دەفەرمووێ :(فإذاقرات القران فاستعذبالله من الشيطان الرجيم) النحل ٩٨}

واتا:هەرکاتێ ویستت قورئان بخوێنی خۆت پەنا بدە بەخوالە–شیطان–ی دوورخراوە لەسۆزو بەزەیی خوا.

تێبینی:دووجۆرە سیغەی– اعوذبالله– لەپێغەمبەرەوە(ﷺ)هاتوون: (اعوذبالله من الشيطان الرجيم). ٢ /(اعوذبالله السميع العليم من الشيطان الرجيم).

*(بسم الله) لەسەرەتای هەرسورەتێکدا–واجب–ە بەتایبەت سەرەتای سورەتی–الفاتحە– لەنوێژیداو سیغەکەشی هەربەو شێوەیە لە قورئاندا هاتووە،(بسم الله الرحمن

الـــرحيم) چـــونكه بەئايـــەت ژمێـــردراوە لـــە قورئانـــدا بەپێچەوانەی- اعوذبالله.

دەنگ وهـەرا لـەكاتی قورئـان خوێندندا پیشەورەوشتی بت پەرستان بـوو هـەروەك قورئـان هـەوالّ دەداو دەفـەرمووێ: (وقـال الـذين كفـروا لاتـسمعوا لهـذا القـران والغـوا فيـه) فصلت: ٢٤}.

واتا: بێ بڕوا كان و بت پەرستان گوتیان:گوێ لەوقورئانە مەگرن و لەوكاتەدا قسەی هیچ وپوچ بكەن.

*پێویستە لـەكاتی خوێندنـەوەی قورئانی پیرۆز گوێ گـران بێـدەنگ بـن وخۆیـان بێجگـە لـەگوێ گـرتن بەشـتێكی ترسـەرقالّ نەكەن،چـونكه خـوای گـەورە دەفـەرمووێ: (وإذاقرىء القران فاستمعواله وانصتوا)الاعراف ٢٠٤}.

واتـا:لـەكاتی قورئـان خوێندنـدا هـەموتان بێـدەنگ بـن، تابەڵكو خوای سۆزدار بەزەیی پێتاندا بێتەوە .

*پێویستە قورئان خوێن بەدەنگێكی خۆش بخوێنێ وئەگەر

دەنگیشی خۆش نەبوو هەوڵبدات ئەوەندەی بۆی دەکرێ دەنگی خۆش کات، چونکە پێغەمبەر–ص– فەرموویەتی:– ليس منامن لم يتغن بالقران– صحيح البخاري. واتا:لەئێمە نی یە کەسێك قورئان بەدەنگی خۆش نەخوێنێت.

*پێویستە بەدەنگێك بخوێنیت کەلەدەنگی چاوەش وگۆرانی بێژانی دونیاویست جودابێت و لەدەنگ وئاوازی بەناوئایینی جولەکەوگاورانیش نەچێت کاتێ –تـوراة–و– انجیل–ی دەستکردیان دەخوێنـنەوەو هەروەها دووربێت لەزیادخۆماندووکردن ودرێژکردنەوەی زیاد لەپێویست و...هتد.

*پێویستە لەسەرقورئان خوێن وگوێ گرانی هەوڵ بدەن بەگوێی دڵ گوێ لەقورئان بگرن وبیر لەماناو مەبەستی بکەنەوە،چونکە خوای باڵادەست دەفەرمووێ: (أفلايتدبرون القران أم على قلوب أقفالها؟)النساء٨٢ ومحمد ٢٤}. واتا:ئەوە بۆ بیر لەقورئان ناکەنەوە، مەگەر دڵەکانتان قفڵ

كراون؟!

*واباشە بۆ زیاتر دڵ بەئاگابوون لەوکاتەدا بگریەین ئەگەرگریانیشمان نەدەهات خۆمان بگرییّنین،چونکە پێغەمبەر (ﷺ) وەها فەرمانی پێ کردووین.

*پێویستە قورئان خوێن ئەوەندەی لەتوانایدا هەیەو بۆی دەلوێ ودەرەخسێت پابەندی قورئان بێت وسەرپێچی لە فەرمانەکانی نەکات،چونکە قورئان بۆ ئەو جۆرە کەسانە لەدواڕۆژدا دەبێتە بەڵگەو شایەد بۆی ودەبێتە رۆناکی وتکاشی بۆدەکات لەخزمەت خوای بەسۆزو بەزەیی ،هەروەك پێغەمبەری ئازیزوخۆشەویستمان–ص– دەفەرموێ:–إقراوا القران،فإنه يأتى يوم القيامة شفيعا لاصحابه– رواه مسلم. واتا:قورئان زۆربخوێنن،چونکە لەرۆژی دوایی وزیندوبوونەوەدا، تکابۆ قورئان خوێنان دەکات،بەڵام کەسێك قورئان بخوێنێ وسەرپێچی فەرمانەکانیشی بکات ودژی بوەستێت، ئەوە بێگومان

قوڕئـان نـەفرینی لێـدەکات، بەوهۆیـەوە دووردەکەوێتـەوە لەسۆزوبەزەیی خواو دەشبێتە کوێری ئەوڕۆژە، خواپەنامان دات لەو شکستولەو کارەساتە کوشندەیە، امین.

*لەکەسـی موسـوڵمان وقوڕئـان خـوێن ناوەشـێتەوە کـە لای کـەم لـە مـاوەی ٤٠ڕۆژدا جارێـک خـەتمی قوڕئـان نـەکات، سوننەتیـشە ڕۆژی یـەک–جـزء– بخوێنێـت، ئەگەرنـەیتوانی ئەوا ڕۆژێ ١٠ئایەت لای کـەم تالـە تۆماری دڵ بێ ئاگایـان، تۆمارنەکرێت ودڵی دانـەخرێت لـە یـادی خـوای باڵادەست و میهرەبان.

*واچـاکە قوڕئـان خـوێن هـەرجارەی خـەتمێکی کـرد، لەبـەر خـوا بپارێتـەوەوخزم وکەسـە نزیکەکانیـشی کۆبکاتـەوە، بۆهاوبەشـی کردنیـان لەوپارانەوەیـەدا چـونکە ئەوکاتـە نزیکترە بۆگیرابوونی پارانەوەکان.

*پێویـستە قوڕئـان خوێندن هەرلـە ڕێـی خـواو بەمەبەستی ڕازی کردنـی ئەوبێت،چـونکە قوڕئـان خوێنـدن یەکێکـە لـە

پەرستن –عبادة–ە هەرەگەورەکان وەبێ بەس بۆخوابخوێندرێت.

*حرام–وناڕەوایە بەنیازی ئامانج ومەبەستێکی دونیا یی یان بۆ پارە بخوێندرێت.

*ئەگەرکەسێک قورئانی فێری کەسێک کرد، ئەوەلای هەندێک لەزانایان –مکروە–ە پارەی لەسەر وەربگرێت واتا:ناپەسەندە و لای ئەوانی تریش –حرام–ە.

*مشت ومڕی بێ ئاگایانە و بێ کەڵک و بێ جێ لەسەرقورئان مسۆگەر –حرام–ە، ئەگەر لەقورئان شتێکی لێ عاسێ بوو، بابچێت سەیری تەفسیرەکان بکات، یان پرسی زانایان بکات، بۆچارەسەری گرفتەکەی، ئەگەر دووکەسیش کێشەیان لێ پەیدا بوو لەسەرئایەتەکانی قورئان، باوازبێنن ولەوشوێنەش هەڵسن وبڕۆن،چونکە پێغەمبەر (ص) لەو بارەوە فەرموویەتی:–لاتماروا فی القران،فإن المراء فیه کفر–مسندامام احمد خ.

واتا:کێشەو مشتومڕ لەسەر قوڕئان مەکەن،چونکە ئەوکارە بەرەو –کفر–تان دەبات، هەروەها دەفەرموێ: –إقرؤا القران ما إ أ تلفت عليه قلوبكم، فإذا إختلفتم فى شئ منه فقوموا عنه- رواه البخارى . واتا:قوڕئان بخوێنن تادڵەکانتان لەسەری کۆکن،جاکاتێ جیاوازیتان لێ پەیدا بوو لەسەرشتێکی قوڕئان، ئەوە لەسەری هەڵسن و وازی لێ بێنن.

*تابۆتان بڕەخسێت بەرەو–رووگە–قیبلە– قوڕئان بخوێنن.

كۆمەڵە زانيارى يەك لە زانيارى يەكانى قورئانى پيرۆز:

*قورئان لەشەوى –القدر–لەمانگى رەمەزانى پيرۆز خواى بالادەست لەرێگەى فريشتەى نيگا–وحى–داى بەزاند بۆ ئاسمانى يەكەم، هەروەك خودا دەفەرمووێ: (إنا أنزلناه فى ليله القدر) {قدر:١}.

*يەكەم ئايەت كە دابەزێندرايە سەرپێغەمبەر (ﷺ) پێنج ئايەتى سەرەتاى سورەتى (العلق) بوون(إقرأباسم ربك الذى خلق)...هتد.

*بەڵام وەك پێشەوايانى فەرموودە–إمام مسلم وبخارى–خ دەگێڕنەوە، يەكەم سورەت كەدابەزێندرايە سەر پێغەمبەر(ﷺ)سورەى –المدثر– بووە.

*ژمارەى ئايەتەكانى قورئان دوو راى تێدا هەن ،

١/لەسەر راى –كوفييان بەبۆچوونى –ابوعبدالرحمن

سلمی- ئەویش له پێشەوا-علی کوڕی-ابوطالب-خ لەسەر رای-ناظمة الزهرة -ی -شاطبی-٦٢٣٦ئایه تن.

٢/رای خەڵکی تریش دەڵێن:٦٦٠٠ ئایه تە.

*پێغەمبەر (ﷺ) بۆنووسینەوەی قوڕئانی پیرۆز چەند نووسەرێکی تایبەتی دیاری کردبوون بە سەرکردایەتی- زیدکوڕی ثابت-بوو و -ابوبکرو عمرو عثمان وعلی-یش (خ) لەونووسەرانە بوون.

*لەسەردەمی پێغەمبەر(ﷺ)قوڕئان لەسەر پارچە داری خورماوئێسکی پانی ئاژەڵ و پارچە پێست وقوماش دەنووسرایەوەو لەهەمان کاتیشدا هاوەڵە بەڕێزەکانیش قوڕئانیان لەبەردەکرد.

*ناودارترین قوڕئان خوێنی سەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) لەهاوەڵان ئەمانە بوون: ابي کوڕی کعب زیدکوڕی-ثابت- عبدالله ی کوڕی مسعود-ابوموسی ی اشعری-معاذ کوڕی جبل-سالم مولی ابی حذیفة-بوون.

*یەکەم کەس کە قورئانی لەیەك پەرتووکدا کۆکردەوە- ابوبکری صدیق بوو (خ) وئینجا-عثمانی کوڕی عفان(خ) بوو،قورئانی -عثمان به -مصحف الامام-ناودەبرێت وئەمڕۆ موسوڵمانان لەهەموجیهان لەوقورئانە دەخوێنن و خەڵکیش فێری قورئان دەکەن.

*لەسەردەمی پێغەمبەر (ﷺ) قورئان دابەش کرابوو بەسەرحەوت بەشەوە بەم شێوەیە:

بەشی یەکەم بریتی بوولە سوڕەتەکانی :البقرة وال عمران والنساء.

بەشی دووەم:المائدة والتوبة.

بەشی سێیەم:یونس و النحل.

بەشی چوارەم:الاسراء تا -الفرقان-.

بەشی پێنجەم:الشعراء تاکۆتایی-یس-.

بەشی شەشەم:الصافّات تاکۆتایی الحجرات.

بەشی حەوتەم:لە-ق-تا-الناس-.

تێبینی:

ئەوبەشەی کۆتایی بە–الحزب المفصّل–ناونراوە.بەڵام ئێستا قورئانی پیرۆزکراوەتە ٣٠ بەش–جزء–هەر بەشێك کراوەبە دوو –حزب–گرووپ وهەرگرووپەش کراوەبە چوار–ربع–چواریەك، کەواتە بەوجۆرە رێکخستنە قورئان دەبێتە–٢٤٠ –ربع–لەهەندێك چاپیشدا قورئانیان بە–رکوع–دابەش کردووەو مەبەستیشیان دیاری کردنی شوێنی گونجاوی وەستان و –رکوع–چەمینەوەیە لەنوێژداو نیشانەکەشی دانانی پیتی–ع–ە.